کۆلۆژکی ئەرلەندی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەمپانیا ئیسرائیلییەکان دەپچڕێت

کۆلۆژی ترینیتی دوبلن لە وەتەی ئەرلەندا ڕۆژی چوارشەممە (8ـی ئایاری 2024) ڕایگەیاند کە ڕازی بووە واز لە "کەمپانیا ئیسرائیلییەکان بهێنێت کە چالاکییان هەیە لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە لیستی ڕەشدان"، ئەمەش دوای داواکارییەکانی ئەم دواییانەی ئەو خوێندکارانەی کە خەپیشاندانیان کرد بە هاوکاریکردنی ئەو فەلەستینییانەی کە هووبەووی شەڕ لە کەرتی غەززە دەبنەوە.

لە بەیاننامەیەکدا کە لە ماڵپەڕی کۆلۆژی ترینیتی بڵاوکرایەوە هاتووە، "کەمپەکە و گەمارۆدانی کەمپی کۆلۆژی ترینیتی دوبلن ئەمرە کۆتایی دێت دوای گفتوگۆی سەرکەوتوو لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی باڵای زانکۆکە و خەپیشاندەران".

لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە زانکۆکە تا مانگی حوزەیران پرۆسەی دەرکردنی ئە کەمپانیایانە تێواو دەکات دوای ئەوەی گەیشتە ڕێکەوتنێک لەگەڵ خەپیشاندەراندا.

کۆلۆژی ناسراوی ترینیتی لە بەیاننامەیەکدا پشتڕاستی کردەتەوە کە لە لیستی دابینکەرەکانی لە ئێستادا تەنها یەک کەمپانیای ئیسرائیلی تێدایە کە تا مانگی 3ـی ساڵی 2025 بەهێی گرێبەستەوە دەمێنێتەوە.

بەیارەکەی زانکۆی ئەرلەندا دوای خەپیشاندانەکی ئاشتیانەیە کە لە هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە 40 چادری خوێندکاران لە چواردەوری زانکۆکە هەڵکران بە ئامانجی ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی کۆلەژکە و کەمپانیا ئیسرائیلیەکان دژت.